National Endowment for Democracy

Supporting freedom around the world

RADIO DENG

# یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان

## پرۆژەی هەڵسەنگاندنی دۆخی تەندروستی

## راپۆرتی دووەم

## هەڵسەنگاندنی کێشەکانی: (زۆریی ناردنی نەخۆش بۆ نەخۆشخانەکانی سلێمانی)، (حاڵەتەکانی گیان لەدەستدانی نەخۆش لە نەخۆشخانەکانی گەرمیان) و (سکاڵاکردن لە کەموکورتیەکانی کەرتی تەندروستی).

رادیۆی دەنگ

یەکەی چاودێری

٢١/٩/٢٠٢٠

## ناوەڕۆک


| ژمارەی پەڕە | ناونیشان |
| --- | --- |
| | بەشی یەکەم: راپۆرتی هەڵسەنگاندن |
| ٢ | پێشەکی |
| ٣ | یەکەم: هەڵسەنگاندن بۆ راپۆرتی (زۆری ناردنی نەخۆش بۆ نەخۆشخانەکانی سلێمانی) |
| ٨ | دوەم: هەڵسەنگاندن بۆ راپۆرتی (حاڵەتەکانی گیان لەدەستدانی نەخۆش لە نەخۆشخانەکانی گەرمیان) |
| ١٢ | سێیەم: هەڵسەنگاندن بۆ راپۆرتی (سکاڵاکردن لە کەموکورتیەکانی کەرتی تەندروستی) |
| | بەشی دوەم: دەرەنجام و راسپاردەکان |
| ١٦ | یەکەم: دەرەنجام |
| ١٧ | دوەم: راسپاردەکان |

## بەشی یەکەم: راپۆرتی هەڵسەنگاندن

### ❊ پێشەکی

یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێی گەرمیان، لەنێوان ساڵانی ٢٠١٧_٢٠١٩، پرۆژەیەکی هەبو بۆ چاودێریی کەرتەکانی تەندروستی و پەروەردە، کە هەر مانگە و لەسەر یەکێک لەو کەرتانە، راپۆرتێکی ورد و بنکۆڵکاریی بڵاودەکردەوە.

لە پرۆژەی ساڵی ٢٠١٩_ ٢٠٢٠ دا، یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێی گەرمیان چوار راپۆرت بڵاودەکاتەوە (٢ لەبارەی کەرتی تەندروستی و ٢ لەبارەی کەرتی پەروەردە) کە تیایدا بەدواداچون دەکات بۆ ئەوەی کە لەو کاتەوەی ئەو راپۆرتانە بڵاوبونەتەوە تائێستا، چ بەرەوپێشەوەچونێکیان تێدا بەدیی هاتوە، یان بەپێچەوانەوە پاشەکشە رویداوە؟ ئەمەش بەمەبەستی زانینی دۆخی کێشە و گرفتە وروژێنراوەکان و هەڵسەنگاندن بۆ هەنگاوەکان و بەتەنگەوەهاتنی حکومەتی خۆجێی لەوبارەیەوە.

لەمیانەی ئەم راپۆرتەدا کە دوەمین راپۆرتی هەڵسەنگاندنی دۆخی تەندروستیە لەگەرمیان، بەدواداچون بۆ (٣) لەو کێشانە کراوە کە پێشتر هەریەکەیان بەجیا راپۆرتیان لەسەر ئامادە کراوە، ئەوانیش بریتین لە: زۆریی ناردنی نەخۆش بۆ نەخۆشخانەکانی سلێمانی، حاڵەتەکانی گیان لەدەستدانی نەخۆش لە نەخۆشخانەکانی گەرمیان و سکاڵاکردن لە کەموکورتیەکانی کەرتی تەندروستی.

لە میانەی ئەم راپۆرتە هەڵسەنگاندنەوە، بەدواداچون بۆ بەرەوپێشەوەچون و پاشەکشەکانی ئەو بوارانە دەکەین.

## یەکەم: هەڵسەنگاندن بۆ راپۆرتی (زۆری ناردنی نەخۆش بۆ نەخۆشخانەکانی سلێمانی)

**<u>ا. باکگراوەندی راپۆرت:</u>**

راپۆرتی ژمارە ٩ یەکەی چاودێری تایبەت بە کەرتی تەندروستی بەناونیشانی:(زۆریی ناردنی نەخۆش بۆ نەخۆشخانەکانی سلێمانی)، لە بەرواری (٢٠١٨/٧/١) بڵاوکرایەوە. لە ناوەڕۆکی راپۆرتەکەدا تیشک خرابوە سەر ئەوەی کە لە کاتێکدا گەرمیان ئیدارەیەکی سەربەخۆیە و لە هەرێمی کوردستان ناسێندراوە، کەچی ژمارەیەکی زۆری نەخۆش لە گەرمیانەوە بۆ نەخۆشخانەکانی پارێزگای سلێمانی دەنێردرێن، بەهۆی نەبونی سەنتەرێکی فریاکەوتنی خێراو و بەشی چاودێری ورد.

هاوکات هەر لە راپۆتەکەدا باس لە گرفتی بەشی فریاکەوتنی نەخۆشخانەکەی قەزای کفری کرابو، تێیدا بەهۆی نەبونی پزیشکی پسپۆڕ روبەروی ئەوە بوبونەوە کە بەشی زۆری نەخۆشەکانیان بنێرنە کەلار.

ئەم حاڵەتە بە گشتی نارەزایەتی و بێزارییەکی زۆر لەلایەن هاوڵاتیانی ناوچەکە لێکەوتۆتەوە و ئەوان پزیشک و بەرپرسانی تەندروستی بە هۆکار دەستنیشانکردبو لە راپۆرتەکەدا و جەختیان لەوە کردبوەوە کە چەندینجار پزیشک نەهاتۆتەوە بۆ بینی نەخۆشەکانیان و نێردراون بۆ سلێمانی، لەبەرامبەریشدا پزیشکانی پسپۆڕ و بەرپرسە ئیداریەکانی ئەوکاتی تەندروستی هۆکاری خۆیان خستبوە رو لە مەڕ کێشەکە.

## <u>ب. هەڵسەنگاندن:</u>

**١. کردە پزیشکیەکان: نەهاتنەوەی پزیشک بۆ بینی نەخۆش بەردەوامی هەیە**

لە راپۆرتەکەی ساڵی ٢٠١٨دا بەرپرسی کردە پزیشکیەکان و کارمەندانی فریاکەوتنی خێرا جەختیان لەوەکردبوە بەشێکی دیاری ئەو نەخۆشخانەی کە دەنێردرێنە سلێمانی بەهۆی نەهاتنەوەی پزیشکە بۆ بینی نەخۆشەکان لە بەشی فریاکەوتنی نەخۆشخانەی شەهید هەژار، بەرپرسی ئیداری ئەو کاتی نەخۆشخانەکەش دڵنیایی ئەوەی دابو کە هەر پزیشکێک نەیەتەوە بۆ بینی نەخۆشەکەی بەنەهاتو هەژماری دەکەن و سزای ئیداری هەیە بۆ چەندجار دوبارەکردنەوەی.

هەر ئەوکاتیش بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان نوسراوی بۆ نەخۆشخانەکە کردبو تایبەت بەوەی کە هیچ نەخۆشێک نەنێردرێتە سلێمانی تاوەکو پزیشکی پسپۆڕ دێتەوە بۆ بینی و دەبێت بە واژۆی ئەو بنێردرێت.

بەڵام لە کاتی ئامادەکردنی ئەم راپۆرتە و لە کاتی وەرگرتنی لێدوان لە بەرپرسی کردە پزیشکیەکانی گەرمیان، رەفیق قادر، لە بەرواری (٢٠٢٠/٩/٨) باسی لەوەکرد شەوەکەی نەخۆش بەهۆی نەهاتنەوەی پزیشک لە نەخۆشخانەی شەهید خالید گەرمیانەوە نێردراوە بۆ سلێمانی .

رەفیق قادر، دڵنیایی ئەوەشیدا کە ئەم حاڵەتە بەردەوامیی هەیە.

**٢. بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان: دانی پێدادەنێم پزیشک هەیە کەمتەرخەمە و نایاتەوە بۆ بینی نەخۆش**

بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان دەڵێت: دانی پێدادەنێم پزیشکمان هەیە کەمتەرخەمە و نایاتەوە بۆ بینی نەخۆشەکانی لە نەخۆشخانەی شەهید هەژار، یاخود نایەوێت نەشتەرگەری بۆ نەخۆشەکەی بکات لێرە کە هەمو خزمەتگوزاریەکان بۆ کارەکەی بەردەستە کەچی دەینێرێتە سلێمانی.

د. سیروان محەمەد، ئاماژەی بەوەشکرد: بۆ ئەم حاڵەتانە دەبێت کەسوکاری نەخۆش بێن سکاڵا بکەن لە بەڕێوبەرایەتی گشتی تەندروستی، بۆ ئەوەی لەسەر بنەمای ئەو ئەو سکاڵایە لێپێچینەوە بکەن.

دڵنیایی ئەوەشی دا لە دۆخی ئاسایی دا خزمەتگوزاری تەندروستی لە نەخۆشخانەکانی گەرمیان بەشێوەیەکی باش بەردەستە و بەشێکی نەخۆشەکان کە دەنێردرێن بۆ سلێمانی، پێویست بەو رەوانەکردنە ناکات.

لە گەڵ نەهاتنەوەی پزیشکانی پسپۆڕ، نەهاتنەوەی پزیشکی تیشک و سۆناریش یەکێکی دیکەیە لە گرفتەکانی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار.

بەڕێوبەری گشتی وتی: هەر حاڵەتێکی لەوشێوەیە هەبێت کەسوکاری نەخۆش دەتوانن سکاڵابکەن، بەڵام هەندێک حاڵەت هەیە بەهەڵە وادەزانرێت نەخۆش پێوستی بە تیشک و سۆنارە، بەڵام لە روی زانستیەوە نەخۆشەکە پێویستی پێی نیە.

**٣. بەڕێوبەری نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار بێوەڵام دەمێنیت.**

بە پێی راپۆرتەکانی پێشوی یەکەی چاودێری هاوڵاتی و کارمەندەی تەندروستی بە بەڵگەوە شاهیدی نەهاتنەوەی پزیشکیان داوە بۆ بینینی نەخۆشەکان، هاوشانی ئەوەش نەهاتنەوەی پزیشکانی سۆنار و تیشک گرفتیکی دیکەی بەردەوامی سەردانیکەرانی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی کەلارە.

له بەرامبەر ئەم گرفتانە بەڕێوبەری نەخۆشخانەکە (د.کاوە محەمەد)، ئامادەی قسەکردن نابێت چ لەسەر بەرەوپێشچون لە ئاستی گرفتەکان یان پاشەکشەو بەرەو خراپترچون کە بە پێی زانیاریەکان خزمەتگوزاریەکان پاشەکشەی کردوە.

قسەنەکردنی بەڕێوبەری نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار، لە کاتێکدایە لە ماوەی رابردوشدا بۆ هەڵسەنگاندنی یەکەمی راپۆرتی یەکەی چاودێری دۆخی تەندروستی گەرمیان دوای چەند جارێک کات دیاریکردن بۆ خستنەڕوی وەڵامەکانی لە بارەی بەرەوپێشچونەکان، لە کۆتاجاردا خۆی بوارد لە قسەکردن، ئەمەش جگە لەوەی پێشلی یاسای مافی بەدەستهێنانی زانیاری ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١٣ی پەرلەمانی کوردستانە، هاوکات گومانیش دروست دەکات.

## ٤. ناردنی نەخۆش بە ئۆتۆمبێلی کەسیی "شخصی" سەرهەڵدەدات

لە گەرمیان باردۆخەکە گەشتوە بەوەی کە کەسوکاری نەخۆش بە ئۆتۆمبێلی تایبەتی نەخۆشەکانیان دەبەنە سلێمانی نەک بە ئەمبولانس، بەشێوەیەک لە کۆی ٥ حاڵەتی گەرمی ناردنی نەخۆش لە نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب بۆ مانگی ئابی ٢٠٢٠، سێ نەخۆشیان کەسوکاریان بە ئۆتۆمبیلی خۆیان بردویانن.

بە پێی ئامار و تێبینیەکانی ئێشکگری نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیبی تایبەت بە ژنان و منداڵبون، لە کۆی پێنج نەخۆشی نێردراو کە تەلەفۆنیان بۆ بەشی کردە پزیشکیەکان کردوە، ٣ حاڵەتیان وتویانە ئەمبۆلانس و ئێشکگرمان نیە بۆ ناردنیان، ئەمەش مەترسی لەسەر ژیانی نەخۆشەکان دروستکردوە.

یاریدەدەری بەرپرسی کردە پزیشکیەکان، لەمبارەیەوە وتی: بەهۆی خەرجنەکردنی ئیفاد و دواکەوتنی موچەوە، کارمەندەکانمان بۆ ماوەیەک بایکۆتی دەوامیان کردبو، بەڵام بۆ ئێستاش ماوەی ٨ مانگە پارەی ئیفاد خەرج نەکراوە و کارمەند مافی خۆیەتی کە داوەی حەقی خۆی بکات.

لە بەرامبەردا بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان، د.سیروان محەمەد، وتی: دەبێت ئێشکگری نەخۆشخانەکە بۆ ئەم حاڵەتانە نوسراو بکات بۆ ئێمە بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوە بکەین.

لە بارەی کەمبونەوەی ژمارەی ئەمبۆلانسەکانیش، وتی: لە پێشوتردا رۆژانە ٦ ئەمبۆلانس ئێشکگر دەبون، بەڵام بەهۆی بێموچەیی و کەمبونەوەی دەوام و خەرج نەکردنی ئیفاد بۆ کارمەندانی کردە پزیشکیەکان، رۆژانە ٣ ئەمبۆلانس ئێشکگر دەبن، واتا لەیەک کاتدا لە سێ زیاتر ناتوانین ئیحالە بکەین.

### ٥. ئامارەکانی ناردنی نەخۆش

ناردنی نەخۆش لە گەرمیانەوە بۆ سلێمانی بەردەوامی هەیە و بەرپرسانی ئیداری نەخۆشخانەکان دەڵێن هۆکارەکانی ناردنی نەخۆش وەکخۆی ماوەتەوە.

گۆران محەمەد، یاریدەدەری بەڕێوبەری نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب، جەختی لەمەکردە و وتی: ئەو کەموکورتیانەی هەبون وەکخۆیان ماونەتەوە، چونکە هێشتا بەشی چاودێریی ورد و بوژانەوەی دڵ و پزیشکی نیشتەجێی دێرینمان نیە کەوا بکات خزمەتگوزاریەکان بەرەوپێش بچن، هەربۆیە ئەو نەخۆشانەی کە باردۆخی تایبەتیان هەیە ناچار دەنێردرێنە سلێمانی، لەگەڵ ئەو منالآنەی پێویستیان بە بەشی نەبەکام "خودەج" هەیە.

ئاماری ناردنی نەخۆش لە نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب بۆ مانگی ئابی ئەمساڵ ٥ نەخۆش بوە.

ئەم دۆخە بۆ نەخۆشخانەی گشتی شەهید خالید گەرمیانی لە کفریش راستە، کە ئامارەکانی ناردنی نەخۆش گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتوە.

سامان سەرتیپ، بەڕێوبەری نەخۆشخانەکە، لەمباریەوە وتی: مانگی ئابی ئەمساڵ ٤٠ نەخۆش لە بەشی فریاکەوتنی نەخشخانەکە نێردراون بۆ کەلار، زۆرینەشیان لەوێشەوە نێردراونەتە سلێمانی، بۆمانگەکانی دیکەش بەهەمان شێوەیە.

بە گوێرەی ئامارەکانی بەشی کردە پزیشکیەکان لە تەندروستی گەرمیان، لە ماوەی ساڵەکانی (٢٠١٧، ٢٠١٨، ٢٠١٩)، ژمارەی ناردنی نەخۆش لە نەخۆشخانەکانی گەرمیانەوە بۆ سلێمانی (٣٦٩٦) نەخۆش بوە.

| ئاماری ناردنی نەخۆش لە ماوەی ٣ ساڵدا | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ساڵ | ٢٠١٧ | ٢٠١٨ | ٢٠١٩ | کۆی گشتی (٢٠١٧، ٢٠١٨، ٢٠١٩). |
| ژمارەی ناردنی نەخۆش | ١٢٥٦ | ١٢٠٠ | ١٢٤٠ | ٣٦٩٦ |

## ٦. ئامارەکانی ناردنی نەخۆش لە مانگەکانی بڵاوبونەوەی کۆرۆنا گومانی لە ساڵانی پێشو دروستکردوە

ناردنی نەخۆش لە مانگەکانی سەردەمی کۆرۆنا لە گەرمیان گومانی دروستکردوە بەوەی چۆن ناردنی نەخۆش بەو ئاستە دابەزیوە بەشێوەیەک بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان، ئاماژە بەوەدەکات ئامارەکان مانگانە دابەزیوە بۆ کەمتر لە ٥٠ نەخۆش.

لە راپۆرتەکانی دوساڵی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان کۆمەڵێک هۆکار دەخرانەڕو بۆ ناردنی نەخۆش، لەوانە: نەهاتنەوەی پزیشکی پسپۆڕ بۆ بینینی نەخۆش کە دەوترا ئەمە هۆکار بوە کە بەشی زۆری نەخۆشەکان پێوست ناکات بنێردرێنە سلێمانی، یاخود نەبونی کۆمەڵێک بەش و سەنتەر لەگەڵ نەبونی پزیشکی نیشتەجێی دێرین لەگەڵ نەبون و کەمی ژمارەی پزیشکانی پسپۆڕیە جیاوازەکان، داخوازی کەسوکاری نەخۆش بە هۆکارێکی دیکە دەزانرا.

د. سیروان محەمەد، سەرسوڕمانی خۆی دەربڕی لە کەمبونەوەی ژمارەی ناردنی نەخۆش لە مانگەکانی سەردەمی کۆرۆنا و وتی: لەم چەند مانگەدا ناردنی نەخۆش مانگانە گەشتوە بە ٢٠ نەخۆش تا ٣٠ نەخۆش، ئەمە وایکردوە بیر لە بەدواداچون بکەینەوە لەو پرسە کە بۆچی لە رابردودا ئەو هەمو ناردنەوەی نەخۆش هەبوە ئێستا بۆ کەم بوەتەوە؟!.

وتیشی: ئەمە دەرخەری ئەوەیە بەشی زۆری نەخۆش کە نێردراوە، لەسەرداخوازی کەسوکارەکەی بوە و پێوستی نەکردوە بنێردرێت.

لەگەڵ ئەوەشدا کە ژمارەکە کەم بوەتەوە، بەڕێوبەری گشتی دەڵێت: کەسیش سکاڵای نەکردوە بەوەی کە نەخۆشەکەی نابەنە سلێمانی.

ئەمە لەکاتێکدایە لە ساڵانی پێشو ناردنی نەخۆش لە مانگێکدا لە نیوان (١٠٠-١٥٠) نەخۆش دا بوە.

## ٧. بەشی فریاکەوتنی نەخۆشخانەی کفری پزیشکی پسپۆڕی بۆ دابیندەکرێت

بەڕێوبەری نەخۆشخانەی شەهید خالید گەرمیانی، لە قەزای کفری باس لەوەدەکات لە هەنگاوێکی نوێیاندا پێشنیاری ئەوەیان بۆ تەندروستی گەرمیان کردوە کە رۆژانە ئەو پزیشکانەی لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار ئێشکگرن بە پەیوەندی تەلەفۆنیی (On Call)، لە گەڵ بەشی فریاکەوتنی نەخۆشخانەکەی کفری لەسەر هێڵ بن.

لەبارەی جێبەجێکردنی پێشنیارەکەیانەوە، سامان سەرتیپ، بەڕێوبەری نەخۆشخانەی شەهید خالید گەرمیانی، دڵنیایی ئەوەی دا لەمانگی ئەیلولەوە دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە و بەڕێوبەری گشتی رەزامەندی لەسەرداوە.

لە نەخۆشخانەی شەهید خالید گەرمیانی مانگانە ٤ پزیشکی نیشتەجێی خولاو دەوام دەکەن، بەڵام وەک بەڕێوبەری نەخۆشخانەکە ئاماژەی پێدەکات، پێویستی زۆریان بە پزیشکی نیشتەجێی دێرینیشە، بەڵام بۆیان دابیناکرێت لەلایەن وەزارەتی تەندروستیەوە.

## دووەم: هەڵسەنگاندن بۆ راپۆرتی (حاڵەتەکانی گیان لەدەستدانی نەخۆش لە نەخۆشخانەکانی گەرمیان)

### ١. **باکگراوەندی راپۆرت:**

راپۆرتی ژمارە ١٤ یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان لە بەرواری (٢٠١٨/١٢/١) لەژێر ناونیشانی: (حاڵەتەکانی گیان لە دەستدانی نەخۆش لە نەخۆشخانەکانی گەرمیان)، بڵاوکرایەوە.

ناوەڕۆکی راپۆرتەکەدا هێما بە حاڵەتەکانی گیان لەدەستدان دەکات لە نەخۆشخانە گشتی و ئەهلیەکان لەگەڵ گیان لەدەستدانی ژنانی دوگیان و مناڵەکانیان، بەڵام ئاماری وردی گیان لەدەستدانی نەخۆش لە نەخۆشخانەکان بەردەست نەبو، ئەوەی هەبو ئاماری لیژنەکانی بەشی یاسایی لە بەڕێوبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیان بو.

لە ناوەڕۆکی راپۆرتەکەدا پارێزەرانی کەیسەکانی گیان لەدەستدان باسیان لە کەمتەرخەمی پزیشک و کارمەند و گرفتی کەرەستەی پزیشکی و نەبونی هەندێک بەشیان کردبو لە بارەی گیان لەدەستدانەکانەوە.

بۆ کەمی ئامارەکانیش لە دو نەخۆشخانەی گشتی لە گەرمیان بە وتەی پزیشکانی پسپۆڕ کەمی رێژەی مردن واتە نەبینینی نەخۆشی قورس لێرە، چونکە نەخۆشخانە شوێنی نەخۆشە و نەخۆشیش ئەگەری مردنی هەیە، بەڵام چونکە نەخۆشە قورسەکان دەنێردرێنە سلێمانی، لێرە گیان لەدەستدان کەمترە.

## ب. هەڵسەنگاندن:

### ١. حاڵەتەکانی گیان لەدەستدانی نەخۆش بە دەیان جار زیاد دەکات

لەمساڵدا حاڵەتەکانی گیان لەدەستدانی نەخۆش لە نەخۆشخانەکانی گەرمیان، بە دەیان جار زیاتر بوە لە چاو پار ساڵ، هۆکارەکەیشی ڤایرۆسی کۆرۆنایە.

بەپێی دواین ئاماری تەندروستی گەرمیان، ژمارەی حاڵەتەکانی گیان لەدەستدان هەتا ناوەڕاستی مانگی ئەیلول، گەشتبوە (١٠٣) حاڵەت.

بەڵام ئەوەی ئەم حاڵەتەنانە جیادەکاتەوە ئەوەیە کە حاڵەتەکان بە کارگەریی نەخۆشیی و ڤایرۆسەکە گیانیان لەدەستداوە و پەیوەندی راستەوخۆی بە هەڵەی پزیشکییەوە نەبوە، هەربۆیە هیچ حاڵەتێکی تۆمارکردنی سکاڵا لەوبارەیەوە تۆمار نەکراوە.

### ٢. نەخۆشخانەی شێرەی نەقیب خاڵی دەبێت لە گیان لەدەستدانی ژنانی دوگیان

بە پێی ئامارەکانی لیژنە یاسایەکانی تەندروستی بۆ حاڵەتەکانی گیان لەدەستدانی نەخۆش لە کاتی چارەسەر و نەشتەرگەری نەخۆشخانەکانی گەرمیان بۆ ساڵەکانی ٢٠١٧، ٠١٨، ٢٠١٩، بەمشێوەیەیە:

| ساڵ | ژمارەی گیان لەدەستدان |
|---|---|
| ٢٠١٧ | ٣ |
| ٢٠١٨ | ٢ |
| ٢٠١٩ | ٢ |

بە گوێرەی ئامارەکان لە کۆی ئەو ٧ حاڵەتەی گیان لەدەستدان لە ماوەی سێ ساڵ دو حاڵەتیان لە نەخۆشخانە و سەنتەرە ئەهلیەکان بون، سێ حاڵەتیشیان لە نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب بوە، لەگەڵ یەک حاڵەت لەنەخۆشخانەی شەهید هەژار و حاڵەتێکیش لە نەخۆشخانەی گشتی.

لە بارەی گیان لەدەستدانی ژنانی دوگیان لە نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب، سیروان محەمەد، بەرپرسی هۆڵی نەشتەرگەری نەخۆشخانەکە، ئاماژەی بەوەکرد: لە ساڵی ۲۰۱۹ و ۸ مانگی ساڵی ۲۰۲۰ هیچ حاڵەتێکی گیان لەدەستدانی ژنان تۆمار نەکراوە لە نەخۆشخانەکەدا.

### ٣. هەمو حاڵەتەکانی گیان لەدەستدان لە نەخۆشخانە لیژنەی بۆ دروستکراوە

جەلال غەریب، لێپرسراوی بەشی یاسایی لە بەڕێوبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیان، لە بارەی دەرئەنجامی لیژنەکانیان بۆ حاڵەتەکانی گیان لەدەستدان، وتی: ئەو دو کەیسەی لە ساڵی ۲۰۱۹ تۆمارکراون تاوەکو ئێستا لە دادگا ماونەتەوە، بەڵام بە دڵنیایەوە بۆ هەمو حاڵەتەکان لەرێگەی لیژنەوە بە وردی بەدواداچون کراوە لە هەندێک باردا بەڵی کەمتەرخەمی هەبوە و سزاش هەبوە.

حاڵەتی گیان لەدەست دانی گەنجێک لە نەخۆشخانەیەکی ئەهلی کەلار و گیان لەدەستدانی یەکێکێکی دیکە لە سەنتەرێکی چاندنی قژ کاردانەوەی زۆری لێکەوتەوە.

لە بارەی ئەنجامی ئەو دو حاڵەتە، لێپرسراوی بەشی یاسایی وتی: دۆسیەکان لە دادگان بۆ ئەوەی بڕیاری کۆتایی لە بارەیانەوە بدرێت، چونکە دۆسیە هەیە دوای ۳ ساڵ بڕیاری لە بارەوە دراوە، ئەمەش لە دەسەڵاتی دادگایە نەوەک ئێمە.

### ٤. هۆکارەکانی پشت کەمبونەوەی گیان لەدەستدانی نەخۆش بەهۆی هەڵەی پزیشکیەوە

گیان لەدەستدانی نەخۆش بەهۆی هەڵەی پزیشکیەوە یاخود هەر هۆکارێکی دیکەوە هەست بەکەمبونەوەی دەکرێت.

بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان، لەبارەیەوە باس لە گۆڕانکاری لە لیژنەکان دەکات بۆ کەیسەکان و دەڵێت: بەدواداچونەکان وردبون، پزیشکانیش چیدیکە بێخەم نین بەرامبەر گیانی نەخۆش.

ئەو لیژنانەی ئێستا تەندروستی گەرمیان بۆ حاڵەتەکانی گیان لەدەستدان دروستی دەکات، پێکدێت لە: داواکاری گشتی و پزیشکانی پسپۆڕ لە پارێزگاکانی سلێمانی و هەولێر.

د.سیروان محەمەد، ئەمە بەهۆکارێکی دیار دەزانێت کە پزیشکان و کارمەندانی تەندروستی ورد تر کارەکانیان ئەنجام بدەن و بێخەم نەبن لە گیانی نەخۆش.

کەمی ستافەکانی پزیشکانی پسپۆڕ لە نەخۆشانەی شەهید شێرەی نەقیب، بە هۆکارێکی دیکە دەزانێت کە لە پێشوتردا حاڵەتەکانی گیان لەدەستدانی ژنانی دوگیان لە کاتی نەشتەرگەری بە بەراورد بە ئێستا زۆربون.

## ٥. سکاڵا نەکردن وەکو کێشەیەکی بەرچاو

یەکێک لە حاڵەتە دیارەکان لە کاتی روداوی گیان لە دەستدان لە نەخۆشخانەکانی گەرمیان، ئەوەیە کە کەسوکاری قوربانیەکە سکاڵا تۆمار ناکەن چ لە لای دەزگا تەندروستیەکان چ لە لای دادگا. ئەم حاڵەتە لە پێشودا بونی هەبوە و لە ئێستاشدا هەرماوەتەوە.

لە بەرواری (٢٠٢٠/٦/١٥)، منداڵێکی تەمەن ٩ ساڵان بەناوی (محەمەد نەوزاد بابان) لە قەزای کفری گیانی لەدەستدا، کەسوکارەکەی تەندروستی و بە دیارییکراوی نەخۆشخانەی گشتی شارەکە بەهۆکاری چارەسەرنەکردن و مردنی دەزانن، منداڵەکەش لە نەخۆشخانەیەکی ئەهلی گیانی لەدەستدا.

لە باری ئەوەی باوەکی ئەو منداڵە گلەیی ئەوەی لە تەندروستی گەرمیان کردوە بەوەی کە لیژنەیان دروست نەکردوەو بەدەمی کۆستەکەیەوە نەچون. لەبەرامبەریش دا د.سیروان محەمەد، ئاماژەی بەوەکرد باوکی محەمەد، نەهاتۆتە تەندروستی گەرمیان و سکاڵا بکات، چوەتە هەولێر لەوێ سکاڵای کردوە و لیژنەش دروستکراوە و دەستی بە لێکۆڵینەوە کردوە.

سەرباری ئەوەش ژمارەیەک هاوڵاتی کە کەسوکاریان بە کۆرۆنا گیانی لەدەستداوە، بەرپرسانی تەندروستی بەوە تۆمەتبار دەکەن کە هۆکار بون بۆ گیان لەدەستدانی کەسوکارەکانیان.

وەک لە راپۆرتی ژمارە (٨)ی یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێی کە ئەمساڵ لە بەرواری (٢٠٢٠/٨/١) بڵاوکراوەتەوە تایبەت بە کێشەکانی تەندروستی گەرمیان لە روبەڕوبونەوەی کۆرۆنادا، چەند هاوڵاتیەک باس لەوەدەکەن کە بەرپرسانی تەندروستی بە بەرپرس دەزانن لە هۆکاری گیان لەدەستدانی کەسەکەیان، بەڵام سەرباری ئەوەش سکاڵایان تۆمار نەکردوە.

## سێیەم: هەڵسەنگاندن بۆ راپۆرتی (سکاڵاکردن لە کەموکورتیەکانی کەرتی تەندروستی)

### ا. باکگراوەندی راپۆرت:

راپۆرتی ژمارە (٢١)ی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان بە ناونیشانی: (سکاڵاکردن لە کەموکورتیەکانی کەرتی تەندروستی)، لە بەرواری (٢٠١٩/٧/١) بڵاوکرایەوە.

ناوەڕۆکی راپۆرتەکە خۆی دەبینەوە لە بەدوادچون بۆ ئەو رایەی کە دەوترێت زۆرینەی ئەو کێشە و گرفتانەی لە کەرتی تەندروستی رودەدەن بێ لێکۆڵینەوە تێدەپەرێت و کەس لێپێچینەوەی لەگەڵ ناکرێت، بە تایبەتی لە کەیسەکانی گیان لە دەستدان لە نەخۆشخانەکان.

بۆ ئەم تێڕوانیە بەڕێوبەری نەخۆشخانەکان و بەرپرسانی پەیوەست بە ئەم پرسەوە لە بەڕێوبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیان قسەی خۆیان لە مەڕ پرسەکە و رەخنە و گلەییەکانی هاوڵاتیان کردبو، ئەوانیش بۆخۆیان گلەیان لەسەر هاوڵاتیان و شێوازی سکاڵاکانیان هەبو بەوەی زۆرجار ئامادە نین سکاڵا تۆماربکەن یاخود پەشیمان دەبنەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا رۆڵی داواکاری گشتی و مافی مرۆڤ لە دۆسیەکانی تایبەت بەو سکاڵانەی کە پەیوەندی بە بەڕێوبەرایەتی تەندروستیەوە هەیە تێیدا خرابوەڕو.

### ب. هەڵسەنگاندن:

**١. سندوقی سکاڵا لادەبرێت و پلان بۆ هێڵی خێرا دادەنرێت**

بەهۆی ئەوەی هاوڵاتیان سکاڵاکانی خۆیان لەوێ تۆمار نەکردوە، وەزارەتی تەندروستی کۆتایی بە سندوقی سکاڵا دەهێنیت و پلانی هەیە هێڵی خێرای پەیوەندی تایبەت بە سکاڵاکردن لە کەمتەرخەمی پزیشک و کارمەندانی تەندروستی لەلایەن هاوڵاتیانەوە دابنێت.

ئەم بیرۆکە لە سەرەتای دەستبەکاربونی کابینەی نۆ لە ساڵی ٢٠١٩، بڕیاری لە بارەوە درا، بەڵام نەچوەتە بواری جێبەجێکردنەوە.

بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان، د. سیروان محەمەد، دەڵێت: پلانمان هەبو سەنتەرێک دابمەزرێنین هەم بۆ گەیاندنی زانیاری و هەم بۆ ئەوەی هاوڵاتیان بۆ سکاڵاکانیان پەیوەندی بکەن، هەندێک ئامادەکاریمان بۆ کرد، بەڵام کۆرۆنا و بێ موچەیی وەستاندویەتی.

## ٢. کەمی خزمەتگوزاریەکان لە کەرتی تەندروستی گەرمیان سەرچاوەی ناڕەزایەتیەکانن

گلەی و سکاڵای هاوڵاتیان بۆ خزمەتگوزاریەکانی کەرتی تەندروستی گەرمیان بەردەوامی هەیە، بەجۆرێک بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان دەڵێت: هەندێک سکاڵا و گلەی هاوڵاتیان هەیە لە دەسەڵاتی ئەوان نیە چارەسەری بکەن.

د. سیروان محەمەد، جەختی کردەوە: هەندێک سکاڵای هاوڵاتیان هەیە ئەو خزمەتگوزاریەی ئەو ئاماژەی پێکردوە کە بۆی نەکراوە لێرە بەردەست نیە، ئەوەش لە دەسەڵاتی ئێمەنیە چارەسەری بکەین.

یاریدەدەری بەڕێوبەری نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب، بەهەمان شێوە وتی: زۆرجار هاوڵاتی سکاڵا یان گلەیی لە خزمەتگوزاریەک هەبوە کە لە بنەڕەتدا ئەوە لە توانای نەخۆشخانەکەی ئێمە نەبوە یان هەندێک قسەکراوە کە بەدواداچون کراوە شتی لەو شێوەیە نەبوە، چونکە نەخۆشخانە بە پێی رێنمایی و ئەو خزمەتگوزاریانەی بۆی دابینکراوە دەتوانێت کاربکات.

لە بارەی لێپێچینەوەش بۆ سکاڵاکان، جەختی کردەوە لەسەر سکاڵای هاوڵاتی سزای ئەو کەسانە دراوە کە کەمتەرخەم بون ئەگەر دەرکەوتبێت بە راستی کەمتەرخەم بون.

## ٣. تەندروستی گەرمیان: بەدواداچون بۆ سکاڵاو گلەیی هاوڵاتیان لە تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان دەکەین

بەرپرسی بەشی سکاڵا و بەدواداچون لە بەڕێوبەرایەتی تەندروستی گەرمیان، باس لە گۆڕانکاری لە شێوازی بەدواداچونەکانیان دەکات بۆ سکاڵای هاوڵاتیان لە خزمەتگوزاریە تەندروستیەکان، بەشێوەیەک کە بەدواداچون بۆ ئەو پۆست و ناڕەزایەتیانەش دەکەن کە لە تۆڕەکۆمەڵایەتیەکانەوە دەخرێنەڕو.

نیاز ساڵح، لێپرسراوی بەشی سکاڵا و بەدواداچون لە بەڕێوبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیان، وتی: هاوڵاتیان گلەیی و سکاڵاکانیان بەگشتی ناکەنە نوسراو و ئاڕاستەی ئێمەی بکەن، ئەمەش بەهۆی کەمی ئاستی هۆشیاری نەخۆشەوەیە کە دەبێت لە کوێ هەستی بە کەمتەرخەمی کرد سکاڵا تۆماربکات، چونکە بەدواداچونی ورد بۆ کێشەکانیان دەکەین.

وتیشی: ئێستا هاوڵاتیان لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانەوە گلەی و ناڕەزایەتی خۆیان دەردەبڕن، بۆیە هەر یەکێک لەو سکاڵایەنە بگاتە بەردەستی ئێمە و ببینین بەدوایدا دەچین بۆ ئەوەی کەسەکە قسەمان بۆ بکات، ئێمەش ڕێکاری ئیداری دەگرینەبەر بۆ کێشەکە.

بەهۆی ئەوەی ئێستا تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بونەتە مینبەرێک کە زۆرجار هاوڵاتیان ناڕەزایەتیەکانیان لەوێ دەگەیەنن، بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان، دەڵێت: بۆ هەمو سکاڵا و نارەزایەتیەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بەدواداچون ناکەین، چونکە هەندێک کەس لە هەڵە تێگەشتنیەتی بۆ خزمەتگوزاریەکان، ناکرێت کە ئافرەتێک هێشتا کاتی منداڵ بونی نیە وەک نەخۆشخانەیەکی ئەهلی داوای نەشتەرگەری بکات لە (نەخۆشخانەی شێرەی نەقیب)، بۆ ئەم حاڵەتانە بەدواداچون ناکەین، بەڵام ئەگەر کەسێک بڵێت ڕۆشتومەتە ناوەندێکی تەندروستی داخراوە یان پێشێلی مافەکانی کراوە ڕاستەوخۆ بەداواداچونی بۆ دەکەین.

**٤. هاوڵاتی بۆ مافی گشتی سکاڵا لە تەندروستی گەرمیان تۆماردەکات**

بە پێی وتەی بەرپرسانی تەندروستی سکاڵاکردنی هاوڵاتیان قۆناغێکی باشی بڕیوە کە بێدەنگ نابن لە بەرامبەر پێشێلکردنی مافەکانیان، بەڵام بەشێکیان وایدەبینن هاوڵاتیان زیادەڕۆی دەکەن لەو قسانەی لە دەرەوەی نەخۆشخانەکان دەیکەن و کەمترین سکاڵاش لە ناوەندە تەندروستیە ئەهلیەکان هاتۆتە تەندروستی گەرمیان.

لە کاتی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتەدا ئەو سکاڵایەی لە بەردەستی بەشی سکاڵا و بەداداچون دا بو، سکاڵای هاوڵاتیەک بو لە نەخۆشخانەیەکی ئەهلی بەوەی چارەسەرەکانی بە نرخێکی گران پێدرابو، بەڵام هاوڵاتیەکە ئەوەی بۆ بەرژەوەندی گشتی کردوە نەوەک ئەو نرخەی خۆی داویەتی بە چارەسەرەکان، چونکە دڵنیایی ئەوەی دابو ئەو چارەسەرەکانی کڕیوە و گرنگ نەبوە نرخەکەی هەرچەند بوە، بەڵام باسی لەوەکردوە هاوڵاتی دیکە هەیە کە پێویستی بەو بڕە پارە هەیە بۆ پێداویستی دیکەی.

ئامارەکانی بەشی سکاڵا و بەدواداچون لە ماوەی سێ ساڵدا بەم شێوەیە بوە، کە زۆرترین سکاڵا لە نەخۆشخانەی ژنان و مناڵبون بوە.

| ساڵ | ژمارەی سکاڵا |
|---|---|
| ٢٠١٨ | ٧ سکاڵا |
| ٢٠١٩ | ١١ سکاڵا |
| هەشت مانگی ٢٠٢٠ | ١٠ سکاڵا |

یەکێک لەو گرفتانەی دێتە پێش بۆ ئەم پرسە، ئامادە نەبونی هاوڵاتیە بۆ تۆمارکردنی سکاڵا بە شێوەیەکی فەرمی. سامان سەرتیپ، بەڕێوبەری نەخۆشخانەی شەهید خالید گەرمیانی، جەختی لەمەکردەوە و وتی: زۆرجار گرفتەکەش لە دەسەڵاتی پزیشک یاخود کارمەندەکە نیە یان هەڵەتێکەشتوە.

نیاز ساڵح، لە بارەی تۆمارکردنی سکاڵاوە وتی: هاوڵاتیان تاڕادەیەک هۆشیارتر بونەوەتەوە بۆ تۆمارکردنی سکاڵا، بەشی زۆری هاوڵاتیان گلەیەکانیان لە دەرەوە دەکەن و نایەن سکاڵا تۆمار بکەن یان کە ساڵاش تۆماردەکەن هەندێکجار لە کاتێکدا ئێمە لە قۆناغی بەدواداچونین داوای کشانەوەی سکاڵاکەیان دەکەن.

بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان، د.سیروان محەمەد، دڵنایی دەدات کە سەرجەم سکاڵاکان ئەنجامیان دەبێت و وەکخۆی وتی: "نابێت هاوڵاتیان نیگەران بن لەو روەوە"، بەڵام بە وتەی خۆیشی، کشانەوەی سکاڵاکانیان ناهێڵێت بگەنە ئەنجام.

باسی لەوەشکرد، لە دوای راپۆرتی پێشوی یەکەکەمان، چەندین کارمەند و پزیشک هەبون بە هۆی سکاڵای هاوڵاتیان و کەمتەرخەمیەوە لێپێچینەوەیان لەگەڵ کراوە و سزادراون.

## بەشی دووەم: دەرئەنجام و راسپاردەکان

### یەکەم: دەرئەنجام

١. نەهاتنەوەی پزیشکە بۆ بینی نەخۆشەکان لە بەشی فریاکەوتنی نەخۆشخانەی شەهید هەژار، بەردەوامی هەیە. هاوکات ناردنی نەخۆشیش بەهەمانشێوە بەردەوامە، خودی بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان دان بە بەردەوامبونی کێشەکەدا دەنێت، بەبێ ئەوەی ئاماژە بە بونی پلان و بەرنامەیەکی رون بکات بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە کە پێدەچێت لە ئاستی دا دەستەوەستان بن.

٢. ئەگەر جاران بە ئۆتۆمبیلی ئەمبولانس نەخۆش بنێردرایە بۆ نەخۆشخانەکانی سلێمانی، ئێستا ئەو خزمەتگوزاریەش وەکپێویست نەماوە، چونکە بەشێکی بەرچاو لە هاولآتیان، بە ئۆتۆمبیلی تایبەتی نەخۆشەکانیان دەبەنە سلێمانی.

٣. ناردنی نەخۆش لە مانگەکانی سەردەمی کۆرۆنا لە گەرمیان مانگانە لە(١٠٠ بۆ ١٥٠)، نەخۆشەوە دابەزیوە بۆ کەمتر لە (٥٠) نەخۆش، ئەمەش بوەتە مایەی سەرسوڕمانی بەرپرسانی تەندروستی و پێیانوایە دەرخەری ئەوەیە کە پێشتر زۆر حالەت هەبوە پێویستی نەکردوە بۆ نەخۆشخانەکانی سلێمانی بنێردرێت.

٤. کێشەی نەبونی پزیشکی ئێشککر لە نەخۆشخانەی گشتی شەهید خالید گەرمیانی بەردەوامە، ئەمەش هۆکارە بۆ زۆریی ئیحالەکردنی نەخۆشەکان بۆ کەلار و سلێمانی، وەکو چارەسەریش بڕیاریانداوە هەندێک پزیشک لە رێگەی تەلەفۆنەوە لە هێڵدا بن لەگەڵیان، بەڵام ئەم پرۆژەیە هێشتا دەستی پێنەکردوە.

٥. حاڵەتەکانی گیان لەدەستدانی نەخۆش لە نەخۆشخانەکانی گەرمیان بە دەیان قات لە چاو ساڵانی پێشو زیادیان کردوە، بەڵام ئەم زیادکردنە پەیوەندی هەیە بە ڤایرۆسی کۆرۆنا و ئەوانەی کە مردون توشبوی کۆرۆنا بون، بەو مانایەی پەیوەندیی بە هەڵەی پزیشکییەوە نەبوە.

هاوکات گیان لەدەستدان بە هەڵەی پزیشکیی کەمبوەتەوە، بەشێوەیەک لەکاتێکدا ساڵانی پێشوتر زۆرنیەی گیان لەدەستدانەکان لەنەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب بۆ ژنان و مناڵبون بو، بەڵام ئەمساڵ ئەو نەخۆشخانەیە هیچ حاڵەتێکی گیان لەدەستدانی بەهۆی هەڵەی پزیشکییەوە تێدا تۆمار نەکراوە.

٦. هەمو حاڵەتەکانی گیان لەدەستدان لە نەخۆشخانە لیژنەی بۆ دروستکراوە. بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیانیش دەڵێت: بەدواداچونەکان بۆ حاڵەتەکانی گیان لەدەستدان وردبون و پزیشکانیش چیدیکە بێخەم نین بەرامبەر گیانی نەخۆش.

٧. ئەگەرچی هەندێک لە کەسوکاری گیان لەدەستداوانی کۆرۆنا بەرپرسانی تەندروستی بە کەمتەرخەم دەزانن، بەڵام هیچیان سکاڵایان تۆمار نەکردوە دژ بەو کەمتەرخەمیەی کە پێیانوایە کراون.

٨. سکاڵا تۆمارنەکردن لە گەورەترین کێشەکانی بەدواداچونە بۆ کێشە و کەموکوکورتیەکانی کەرتی تەندروستی بەگشتی، بەرپرسانی تەندروستی باس لەوەدەکەن بەهۆی ئەوەی هاوڵاتیان سکاڵا تۆمار ناکەن، ناتوانن بەشی پێویست بەدواداچون و لێپێچینەوە بکەن، چونکە بەوتەی خۆیان بۆ هەمو کەموکورتیی و کێشەیەک دەبێت هاوڵاتی سکاڵا تۆمار بکات.

٩. تەندروستی گەرمیان دەڵێت: پلانی بۆ دانانی هێڵی گەرمی پەیوەندی تایبەت بە سکاڵاکردنی داناوە، بەڵام بەهۆی کاریگەری دۆخی کۆرۆنا و بێموچەییەوە کارەکانی راگیراوە و نەچوەتە پێشەوە.

١٠. بەرپرسانی تەندروستی دەڵێن بۆ وەرگرتنی سکاڵا پشت بە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان دەبەستن، بەشێوەیەک بەدواداچون بۆ ئەو بابەتانە دەکەن کە لەو تۆڕانەوە لەسەر دەزگاکانیان دەوروژێنرێت.

## دووەم: راسپاردەکان

١. کێشەی ناردنی نەخۆش بۆ نەخۆشخانەکانی سلێمانی بەردەوامی هەیە، ئەگەرچی حاڵەتەکانی ناردنی نەخۆش کەمیکردوە، بەڵام تائێستا هۆکاری ئەم کەمکردنە بە وردیی دەستنیشان نەکراوە، چونکە لەکاتێکدا بەرپرسانی تەندروستی گرێی دەدەنەوە بەوەی رەنگە پێشتریش حاڵەتەکان هەر پێویستیان بە رەوانە کردن نەکردبێت و پزیشک خۆی یان بە فشاری کەسوکارەکەی نەخۆشەکانیان ناردوە بۆ سلێمانی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێویست بە بەدواداچون و لێکۆڵینەوەی زیاتر دەکات، رەنگە پەیوەندیشی بە دۆخی کۆرۆنا و کەمبونەوەی روداوەکانەوە هەبوبێت بەهۆی کەرەنتین و کەمبونەوەی جوڵەوە، یاخود بە بونی بەدیلی دیکە وەکو نەخۆشخانە و سەنتەری پزیشکیی ئەهلی.

بۆیە لەم نێوەندەدا کە رایەکی رون و یەکلاکەرەوە نیە، پێشنیاز دەکەین تەندروستی گەرمیان لە رێگەی لیژنە و بەشە پەیوەندیدارەکانیەوە، راپۆرتێک لەمبارەیەوە ئامادە بکات و ئەم پێدراوانە بکات بە هۆکاری دانانی بەرنامە و نەخشە رێگا بۆ کەمکردنەوەی حاڵەتەکە بەگشتی.

٢. ناردنی نەخۆش بە ئۆتۆمبیلی تایبەت بۆ نەخۆشخانەی سلێمانی، حاڵەتێکی مەترسیدار و رێک پێچەوانەی هەمو بنەما تەندروستی و پزیشکیەکانە.

پێویستە وەزارەتی تەندروستی و حکومەتی هەرێم بە پلەی یەکەم خەمی ئەم بوارە بخوات و کێشەکانی چارەسەر بکات، تەندروستی گەرمیانیش هەوڵ و هەنگاوەکانی بۆ دۆزینەوەی چارەسەر بۆ ئەم کێشەیە بخاتەڕو و هەوڵبدات بە گرتنەوەی خەرجیی لە سێکتەری دیکە، ئەم سێکتەرە ببوژێنێتەوە. یاخود بە پشت بەستن بە دەستپێشخەریی دیکە کە رەنگە هاوڵاتیان بتوانن تیایدا بەشدار بن، ئەم بوارە رێک بخەنەوە.

٣. نەبونی پزیشکی ئێشکگر و پلە جیاوازەکانی پزیشکیی لە نەخۆشخانەکانی گەرمیان لە دیاردە بەردەوام و بەرچاوەکانن، کە چیتر ناتوانرێت چاوی لێبپۆشرێت و گرنگیی پێنەدرێت، کە ئەمەش دواجار لێکەوتەی زۆر خراپ و مەترسیداری دەبێت.

وەزارەتی تەندروستی و تەندروستی گەرمیان، بەرپرسی یەکەمن لە چارەسەرکردنی ئەم گرفتە، بەردەوامبونیشی وایکردوە متمانەی هاوڵاتی بەو دەزگایە لەق ببێت و هەروەها بە چاوی بێزرانەوە لە کۆی خزمەتگوزاریەکانیش بڕوانێت.

٤. تەندروستی گەرمیان چەند هەنگاوێکی ناوە یان ویستویەتی بینات لە روی مامەڵەکردن لەگەڵ سکاڵای هاوڵاتیان، ئەمانەش ئاماژەی دڵخۆشکەرن، بەڵام دەبێت هەوڵەکان لەوبارەوە زیاتر و کاراتر بکرێن. بەکارهێنانی هێڵی گەرم و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بۆ وەرگرتن و مامەڵەکردن لەگەڵ سکاڵاکان، زۆر گرنگ و پێویستن، هەربۆیە گرنگە تەندروستی گەرمیان پەلە بکات لە گرنگییدان بەم هەنگاوانە.

٥. سکاڵا تۆمارنەکردن لەلایەن هاوڵاتیانەوە لەسەر کەموکورتیی و کێشەکان و تەنانەت حاڵەتەکانی گیان لەدەستدانیش، لە کێشە بەرچاوەکانن، دەبێت حکومەت و کۆمەڵگەی مەدەنیش خەمێکی ئەم بوارە بخۆن و وا بکەن هاوڵاتی بە ئاسانی بتوانێت سکاڵا تۆمار بکات و رۆتین و ماندوکردنی کەمبکرێتەوە، چونکە بەپێی بنەما یاسایی و کارگێڕییەکان، کاتێک هاوڵاتی سکاڵا تۆمار ناکات، پرۆسەی بەدواداچون بۆ کێشە و سکاڵاکە لاواز و بگرە ئەستەمیش دەبێت.

بۆیە پێشنیاز دەکەین تەندروستی گەرمیان لەرێگەی کۆمەڵی مەدەنی و دەزگاکانی راگەیاندنەوە، هەوڵبدات هۆشیاریی پێویست لەوبارەوە بڵاو بکاتەوە و هانی هاوڵاتیان بدەن بۆ تۆمارکردنی سکاڵا بە ئامانجی چاودێرییەکی باش و تۆکمە لەسەر ئەو کەرتە و نەهێشتنی کێشە و کەموکورتیەکان.

*** ستافی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان:**

١. ئەحمەد حەمید وەلی

٢. زریان محەمەد

٣. ڕێناسساڵح

*** بۆ پەیوەندی:**

٠٧٧٠٢٣٠٣٦٧٦ - ٠٧٤٨٠٢٠٧٤٠٠

yakaychawderigarmyan@gmail.com Radiodeng@yahoo.com
www.radiodang.org